www.kurdistannet.org
21/05/2003 15:20

# ئایا جەلال تالەبانی خرِف بووە؟

سەلام عەبدوڵلا



ئەمرۆ ئاژانسی(سی. ئین) هەواڵی ئامادەبوونی جەلال تالەبانی بۆ پێشوازیکردن لە پەنابردنی ساجدە و دوو کچەکەی بۆ ناوچەی دەسەلاتەکەی بلاْوکردەوە. بریارەکەی جەلال–بە پێی هەواڵەکە– لەبەر ئەوەیە(بێتاوانن و رووبەرِووی ئازاربوون لە ماوەی دەسەلاتداری سەددام حوسین.).

بەبرِوای من تالەبانی بەو جۆرە راگەیاندنە:

١/ کەسایەتی دادپەروەرو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و سەرجەم قوربانیانی دەسەلاتی سەددام دەخاتە ژێر پێ.

٢/ زەمینەخۆشدەکات بۆ لیبوردن لە تاوانبارەکانی تر. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بەعس بپارێزرێ و سبەی درِندانەتر درێژە بە تاوانەکانیان بدەن.

تەنها کەسی خرِف لەو برِوایەن ژنەکەی سەددام بێتاوانە، چونکە ساجدە خیرەڵلا تولفاح لەلانی کەمەوە وەك نزیکترین کەسوکار، هاوسەری سەددام و نزیگترین هاوەلاتی عیراقی لە سەرکردایەتی و تەسکترین بازنەی ناوەندی دەسەلات و دایکی دوو درِندە(عودەی و قوسەی)ئاگای هەبووە لە جەنگ دژی خەلْکی کوردستان، ایران و کووەیت و لە"پالەوانییەتی" کۆمەلْکوژی، ئەگەر نەلێم لە زۆربەی تاوانەکانی رژێم. ساجدە بە درێژایی حوکمی هاوسەرەکەی بووە بە یەکێك لە دەولەمەندە هەر گەورەکانی جیهان و راستەوخۆ بەشدار بووە لە راورووتکردنی خەلْکی عیراق و کوردستان. هەروا بە ئارەزووی خۆی لە سەر حیسابی ئێسکی سەددان هەزار قوربانی، تەلارەکانی"سەرکردەی نەتەوە" لە خزمەتیدا بوون. ئایا کەسێك هەیە بتوانێ ئەم راستییانە لەبارەی ساجدە"خان"لەبەرچاو نەگرێ؟ ئەگەر نا، بۆچی تالەبانی بەبێ ئەوەی رێ بە بریاری دادپەروەرێك بدا، شوناسنامەی بێتاوانی و پەنابەری بەم تاوانبارە دەدا؟

تاوانی تالەبانی ئەوەیە، بە رێگای برادەری هاوبەشیان، شوێنی سەجودە دەزانێ و لەخەلْك دەیشارێتەوە؟

هەر لەم پەیوەستەدا، دەبێ هیرۆ خان سووچی بێدەنگی نەگرێ و قسەی خۆی بکات، هیوادارم نانی شەوی لێ حەرام بکا تا ئەو کاتە"مامە" دێتە هۆشی خۆی و نەختێك لە بەرژەوەندی قوربانیان هەلْویست وەردەگرەێ کە تەنها برِیتییە لە داخوازی:

<u>دادگایەکی عەلەنی لەلایەن دادپەروەرانی عیراق یا کوردستان وبەو مەرجەش کە هەموو مافێکی یاسایی بۆ دابین بکرێ وەك(زیندانییەك بە حورمەتەوە هەلْویستی لەگەلْ بکرێ، یاساغکردنی لێدان و تەوهینکردن، پارێزەرێك بۆ پشتگیریکردنی) و بە ئامادە بوونی یاساناسی و ئاژانسەکانی جیهان.</u>

جگە لەوە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خاوەن چەندین سیاسەتمەداری خاوەن ئەزموون و بەتوانایە و لەو ئاستەدان شوێنی جەلال بگرن و درێژە بە خەبات، سیاسەت و مێژووی حزبەکەیان بدەن. ئێستا هەر بە راستی کاتی ئەوە هاتووە، تالەبانی وەك خرِفێك خانەنشین بکرێ و مالْی ئاوەدان نەبێ بۆ ئەو سیاسەتە گالْتەجارِی و بێحورمەتییە دەیکا بە قوربانیان! هیواشم وایە لایەنگیرانی یەکێتی نیشتیمانی دەنگی خۆیان لە دژی مامە هەلْبرِن و چیتر رێگا نەدەن بەو شێوەیە رەنگیان زەر بکرێ لە بەرامبەر خەلْکی کوردستان!

20. 5. 2003

dwaroj@yahoo.de

سەرچاوە بە عەرەبی:

http://www.iraq4allnews.dk/viewnews.php?id=15827

www.kurdistannet کوردستان نێت

طالباني يعرض اللجوء على زوجة صدام وابنتيه
CNN : : 2003-05-21 - 02:13:35




طالباني يعرض اللجوء على زوجة صدام وابنتيه

بغداد، العراق -- (CNN) رحب الزعيم الكردي جلال طالباني الثلاثاء بلجوء زوجة صدام حسين "ساجدة" وابنتيه للأراضي الكردية الخاضعة لنفوذه شمال العراق.

وقال طالباني إنه يعلم مكانهن وإن هناك اتصالات معهن عبر صديق مشترك، ولكنه لم يتلق منهن أي رسائل مكتوبة.

وأوضح طالباني أنه أكد للصديق المشترك ترحيبه بلجوء ساجدة وابنتيها للمنطقة الكردية الخاضعة لنفوذه.

وتعتقد بعض الأوساط أن ساجدة وابنتيها قد لجأن لإحدى القبائل الكبرى في منطقة شمال العراق.

طالباني، الذي يرأس الاتحاد الوطني الكردستاني، أوضح أن قراره بتوفير اللجوء لساجدة وابنتيها يراجع لأنهن أبرياء تعرضن للمعاناة خلال فترة حكم صدام حسين.

وكانت القيادة المركزية للقوات الأمريكية قد أعلنت في بيان لها الاثنين أن قوات التحالف ألقت القبض على شقيق ساجدة الجمعة.

وقال البيان إن لؤي خير الله، كان بصحبة ابنه الأكبر، ويدعى عدي، "وأعضاء من جهاز الأمن والمخابرات التابع للنظام السابق".

ويحمل خير الله رقم ١٥٢ على قائمة المطلوبين الخاصة بقوات التحالف.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.